(بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ)

(وَالْعَصْرِ* إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْر * إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ)(سورة العصر).

(والصلاة والسلام على خير خلقه محمد وعلى اله وصحبه، السلام عليكم ورحمة الله وبركاته).

له دەرسەکانی ناو و کرداره پیرۆزەکانی خوا له خزمەتتان بەردەوام دەبین، ئەورۆ بە تەوفیقی خوای، بەحسی (مَالِكِ) وه (ملك) که له قورئان کو هاتییه؟ وه مانای چییه؟ وه هەندەسییەتی ئەو کەلیمەیه وەقعی ئەو کەلیمەیه، ئەثەری ئەو کەلیمەیه، وه کوو مومارەسه دەکرێ؟ تەمرینی له سەر دەکرێ، لۆوەی شەباب بتانن تەعەببودی خوای بکەن بەو ناوه پیرۆزه.

مەعلومتانه له دەرسەکانی پێشترێ بەحسی ئەوەمان کرد: که(اسماءالله وأفعاله الحسنى) له ضمنی ئیطاڕی قورئان وەردەگیرێ و بەس، وه هەندەسییەتی کەلیمه یاخود جوغرافییەتی کەلیمه باری تەعالا له کێندەرێی ئیستیعمال کردبی به کاریهینابی، بەو حەجمەی که فەرمویتی ئینسان ئەوەنده ئیحتیاجی پێی هەیه، داخیلی ئینسان چەند جار ئەو ناوه تیکرار کرابی یا ئەو فیعله تیکرار کرابی له ناو قورئان ذاتی ئینسانەکه ئەوەنده جاره ئیحتیاجی بەو ئیسمه یاخود بەو فیعله هەیه، زیاد کردنی ئەو حالەته یاخود کەم کردنی ئەو حالەته تەئثیر له سەر جیهازی داخیلی ئینسان دەکا، موسولمانەکی موئمینی نموذەجی وەکو جیلی صەحابەی کیرام دەرناچی، لۆیێ ئیعتیبار دانان به تەرتیبی نزولی قورئان، پاشانیش کەلیمەکه له ناو سورەت له چ جێیەك هاتییه؟ وه کو هاتییه؟ تەفەههومی ئائەو حالەتەی ئەوجه پاشان مومارەسه کردن و تەمرین کردن له سەری له ناو داخیل، لۆوەی فیعلەن ئیسمەکه یاخود فیعلەکه، کرداره پیرۆزەکه، ببته حالەك ئیمانی تەقوایی، ذات بتانی عیبادەتی پێ بکا.

له دەرسی پێشترێ بەحسی (الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ)(الفاتحة ١) مان کرد که گوتمان: (الرَّحْمَنِ) ئەوەنده جاره هاتییه، بەتەنێ هاتییه، (الرَّحِيمِ) ئەوەنده جاره هاتییه به(مضاف) و(مضاف اليه) هاتییه، مەعناکانی کوونه وه کووش تەطبیق دەکرێ، نەفسی حالەت نەفسی قەوانین له سەر ئەو جاره، (مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ)(الفاتحة ٣) تەطبیق دەکەین.

دێینه خزمەتی یەکەمین سورەت که (مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ)(الفاتحة ٣)ی تێدا بەحس کرایه، خەت له بن کەلیمەی (مَالِكِ) باری تەعالا له سورەتی پێنجەم، به تەرتیبی نزول له سەر ذاتی رسول الله محمد(صلى الله عليه وسلم) وه لەویەوه لەبۆ جەمعی موئمینین، سورەتی پێنجەم کەدابەزی،

سوڕەتی فاتیحە بوو، سوڕەتی فاتیحە کە دابەزی جارێ نوێژ فەرض نەکرابوو، مەعلومی هەمووتانە نوێژ لە ئیسراء و میعراج لە سەر ئومەی (محمد) ی فەرض کرا، بە تەقدیری زەمەنی نزیکەی دوو ساڵ و قصور لە سەر بیعثەت داچووبوو، ئەوجە نوێژ فەرض کرا.

ئیذەن سوڕەتی فاتیحە کە دابەزی مەقصودی یەکەم و ئەخیری ئەوە نەبوو لە ناو نوێژ ئەو سوڕەتە بخیندرێ، بەڵکو جەمعی موئمینین بە واسطەی ئەو سوڕەتە ئەو جوملە ئیسم و فیعلەی باری تەعالا کە ذیکری کردییە لە ناو ئەو سوڕەتە، بە واسطەی تەنزیلی ئەو سوڕەتە ئەو جوملە ئیسم و فیعلە مومارەسە بکرێ، کەینێ مومارەسەکە کرا هەمووی هەر لە مەفهومی (رَبِّ الْعَالَمِينَ * الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ *مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ)(الفاتحة۳/۲/۱) ئەو وەقت لە ناو داخیلی ئینسان حالەتەك دروست دەبی ئیستعدادەك دروست دەبی بتانی پاشی دوو ساڵ، ئەوە مەخصە دمان جەوی صەحابەی کیڕامە(رضوان الله علیهم) پاشی وی بە دوو ساڵ بەدەنیشی کە نوێژی لە سەری فەرض دەکرێ بتانی حەقی نوێژەکەی بدا بەمەفهومی کەلیمەی ئیقامە.

کە لە هەموو قوڕئان نوێژ بە ئیقامە هاتییە (أَقِيمُواْ الصَّلاَةَ)(البقرة٤٣) کەلیمەی ئیقامەش عومقی جذوری لە ئەقامەوە هاتییە نەك قیام، قیام جودایە ئەقامە جودایە، قیام یەعنی هەستان وەکو بەحسمان کرد، (قُمِ اللَّيْل)(المزّمّل ۲) ئەمما ئیقامە لە ئەقامەوە هاتییە، ئەقامە یەعنی دروست کردن، هەتا نەفەرەك ذاتەك ئەگەر فیتەربی بلێین نەبتە وەستا، هەتا طەلەبەك لە کولییەی طب شەش ساڵ نەخینی و ئیمتحان نەکا و مومارەسە نەکا نەبتە دکتۆرەکی گچکە عەمەلیاتی نادەنە دەست، کابرای فیتەر جیهازی نادەنە بن دەست، ذاتیش هەتا ئەو زەمەنە لە ناو داخیلی خۆی مومارەسەی مەفهومی (مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ)(الفاتحة۳) نەکا، ناتانی حەققی کەلیمەی(اقامة و الصلاة) لە ناو نوێژ کە ئەمری پێ کرایە(اقامة الصلاة) (أَقِمِ الصَّلاَةَ)(هود ١١٤) لە هەشت سەدو قصوری جێ، هەموو قوڕئان بە (أَقِمِ الصَّلاَةَ)(هود ١١٤) هاتییە، ئەگەر هات و تەفعیلی حالەتی (رَبِّ الْعَالَمِينَ * الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ *مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ)(الفاتحة۳/۲/۱) بەو بوعدەی نەبی، بەو موجەسمیەتەی نەبی، (أَقِيمُواْ الصَّلاَةَ)(البقرة٤٣) مەکەی نایەتەجێ.

حەتمەن باری تەعالا بەوەی زانییە ئەو ئینسانەی کە خەلق کردییە بەو نەوعەی جیهازی داخیلیشی بەو نەوعەی خەلقی کردییە کە خۆی دەزانی، وەکو وەستای هەموو جیهازەك، هەموو مەعمەلەك کە وەستای خۆی دەزانی جیهازی خۆی کو دروست کردییە، باری تەعالاش ئەعلەمە جیهازی ذاتی بەشەر کوی خەلق کردییە، دەشزانی کو عیبادەتی پێ دەکا، ئەمما بەو نەوعە عیبادەتەی کە خۆی پێی ڕازی دەبی، نەك ذاتەکە خۆی خۆی پێ ئیقناع بکا، ذاتەکە خۆی خۆی پێ ڕازی بکا، والله نوێژەکەم کردو تەواو، والله ڕۆژییەکەم گرتوو تەواو، زەکاتەکەم داو تەواو،

جیهاده م کرد تەواو، تەربیەکەم بیناکرد و تەواو، وفقی ذهن و مێشکی ئینسانەکەی بی، ئیننەما دەبی وفقی ئیرادەی خوای بی.

فە لۆیێ سوڕەتی فاتیحە پێنجەمین سوڕەتە بە تەرتیبی نزول، پاشی سوڕەتی فاتیحە بە دوو ساڵ ئەوجە نوێژ فەرض دەبی لە سەر جەمعی موئمینین، لۆ؟ ئەو زەمەنە ئەو دوو ساڵە پێشی دوو ساڵ سوڕەتی فاتیحە هاتبوو، لۆوەی فیعلەن جیهازی داخیلی جەمعی موئمینینی یەکەم بگاتە ئەو مستەوایە کەدێ نوێژی لەسە فەرض دەکرێ لە مستەوای ئیرادەی خوای نوێژەکەی بکا، لۆوەی فیعلەن باری تەعالا لێی ڕازی بی، فە (مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ)(الفاتحة٣) یش لەو مستەوایە دەبی تەفەهوم بکرێ قیچەك کەم قیچەك زیاد وەکو حالەتە نەخۆشیەکەیە کە لە ناو داخیلی ئینسان تووشی دەبی، هەر حالەتەکی نەخۆشی کە مادییە مەوجودە لە وجود.

لۆیێ بە تعداد بە ژماردن، کەلیمەی مولك، یان مەلیك، یان مەلەك، چل و دوو جار هاتییە لە قوڕئان، چلو دوو جار، (يملك) هەشت جار هاتییە، (أملك) پێنج جار هاتییە، (الملك) یازدە جار هاتییە، (مالك) سێ جار هاتییە، ئیذەن دەبی ئەو حالەتە کەلیمەی(ملك) چل و دوو جار وەکو بەحسمان کرد دەرسی پێشترێ، ئەگەر جارەکەی بە کیلۆ یان بە مەتر موقایەسە بکەین، دەبی چل و دوو کیلۆ ئەو ذاتە موحتاجە بە چل و دوو کەممییە موحتاجە لەبۆ مەفهومی کەلیمەی (ملك) دەبی چل و دوو جار چل و دوو کیلۆ بلێین، چل و دوو مەتر مەساحە وکەم مومارەسە لە سەر خۆی بکا، لۆوەی فیعلەن ئەو حالەتە لە ناو داخیلی خۆی دروست بکا، وەکو کابرای ریاضی، مودەڕیب پێی دەرێ لۆوەی ئەتوو ببیە ڕەبباع ئاسن هەرگر دەبی ئائەوەندە زەمەنە تەمرین بکەی، هەمووماں ئەو قابلیەتەمان هەیە، هەمووماں قابلیەتمان هەیە ببینە ڕەبباع ئاسن هە رگر، ئەمما کابرای کە تەمرین دەکا پێمان تەعەججوبە دوو فەردە شەکر سەد کیلۆیی بە دەستی بر ند دەکا، پێمان تەعەجوبە، عیلمەن جێی تەعەجوبەکەی لە مەیە لەوی نییە، ئەگەر ئەمەش مومارەسەمان بکردبا و تەمرینمان بکردبا بە قەد ویمان پێ دەکرا.

باری تەعالا لۆیێ ئەو ماددەیە ئەوەندە تیکرار دەکا و ئیعادەی دەکا ذاتی ئینسان داخیلی ئینسان بە قەد ئەوندە جارە موحتاجی ئەو شتەیە، تەمرینی لە سەر بکا، کەمی کا خەلەل دروست دەکا لە داخیل، حالەی نەخۆشی دروست دەکا، زیادیشی بکا دیسان حالەی نەخۆشی دروست دەکا لە داخیل، لۆ؟ وەکی بورغییە، کو هەر جیهازەك بورغی، هەر دایسەك بورغی خۆی هەیە و فەڕاغی خۆی هەیە، گەورەتربی سیلاکی دەکا، گچکەتربی جیهازەکەی پێوە ڕەبط ناکرێ، باری تەعالاش قەناعەتان هەبی ئەو جیهازەی داخیل ئەوهای خەلق کردییە، ئەوە عەدەدی کەلیماتەکان.

دێینه سەر مەفهومی کەلیمە، لۆ بذذات هەندەسییەن لە ناو سورەتی فاتیحە چارەمین ئایەتە؟ کەلیمەی (مالك)، عومقی قووەتی صەڵابەتی لە چ وەردەگری کەلیمەی (مالك)، لە بیدایەت یەکەمین سورەت کە دابەزیە خزمەت پێغەمبەری(صلی الله علیه وسلم) فەرموی: (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ)(العلق ١) مەفهومی کەلیمەی ڕەب لە ناو ذهنی پێغەمبەری ئیجاد کرد(صلی الله علیه وسلم) پاشان لە ناو مێشکی جوملەی صەحابە، جوملەی صەحابە کە مومارەسەیان کرد، مەفهومی کەلیمەی ڕەب لە ناو داخیلیان دروست بوو، عیلاقەك عەمودی بەینی خۆیان و بەینی باری تەعالا بە مەفهومی کەلیمەی ڕەب دروست بوو، کەلیمەی ڕەب مەجموعەك مواصەفاتی هەبوو لە دەرسەکانی چۆنیەتی زیندوو کردنەوەی ئیمان بەحسمان کردییە.

یەك لەو جوزئییەتەی کە کەلیمەی ڕەبی پێوە مەڕبوطە کەلیمەی خەلقە، (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ)(العلق ١) ئەگەر خالیق نەبی نابتە ڕەب، باشە، خالیق بی دەبی ماددەی ئەوەلی هەبی، ماددەی سەرەکی هەبی، ماددەی سەرەکیش دەبی خۆی دروستی کا، ئیذەن ماددەی ئەوەلی مادده ئەوەلیەکان پاشان جەمع بکا، صونعەکی لێ دروست کا، ئینتاجەکی لێ دروست کا، پاشی ئەوەی ئینتاجەکەی ریعایەتی ئەوەی بکا ئەو ئینتاجە ئەو دەورە ببینی کە لۆی خەلق کرایە، کە ئەو دەورەشی دیت دائیمە ئیشراف بکا لە سەر ئائەو جیهازەی، گچکەترین خەلەل کەمترین عەوەق موشکیلە بێتە پێش ئەو جیهازەی لایدا، ئەوە هەمووی مەفهومی کەلیمەی ڕەب بوو، وەختی خۆی بەحسمان کرد.

کە باری تەعالا خالیقی بی، باری تەعالا خۆی ریعایەتی بکا، باری تەعالا خۆی ئیدارە و تەمشیە و ئیشەکانی خۆی موهەیمین بی لە سەری، ئیذەن خۆی مالیکیتی، خۆی قودرەتی ئەوەی هەیە تەفنیشی کا، دیسان پێکیەوە ڕەبط کا، ئیذەن قووەتی باری تەعالا لە ناو مەخلوقاتی عومقی لە مەفهومی مالکییەت، ئائەو موجەسەمیەیە، کە فیعلەن باری تەعالا لە بەر ئەوەی بەس خۆی خالیقە، بەس خۆی مەفهومی ڕەبی هەیە بە موطلەق، بەس خۆی صانیعە، بەس خۆی موصەویرە، بەس خۆی موهەیمنە، ئیذەن ئەو جوملە شتانەی کە خەلقی کردییە دەبی خۆی مالیکی بی، لۆیێ مەخلوق ئەمەی بەشەر چەند بتانین تەصەوڕ بکەین لە وجود لە سەر کەون لە کورەی ئەرض چ مەوجودی بی هەمووی لە دائیرەی کلیمەی خەلق جەمع دەبی، ماعەدای خەلقی خوای، هیچ جیهەك هیچ فیئەك هیچ مەخلوقەك نییە بتانی خەلق بکا، بتانی ئیجاد بکا، بەس الله نەبی جل جلالە.

ئیذەن کە خۆی خالیقە دەبی خۆشی مالیك بی، خۆی ساحێب بی خۆی بتانی ئیدارەی بکا، خۆی بتانی ئەگەر هاتوو خەلەلی هەبوو وەستایی لە سەر بکا، ئەگەر چاك نەبوو عیلاجی بکا، هەموو

وەقتەکیش ئائەو فیعلەی موستەمیڕ بی، هیچ وەقتەك ئیجازەی وەرنەگری، هیچ وەقتەك نەخۆش نەبی، هیچ وەقتەك باوشکیشی نەیێ، ئیصرِاحەتەك نەکا، مالکییەتی خوای لەو هەموو مەفهومانە جەمع دەبی، ئیذەن دەتانی کە خۆی خالیقیتی بەو نەوعەی خۆی یەکەمین جار خەلقی کردییە، خۆشی بەس بە ئیشارِەتەك نەوعی هەمووی نەسف کا، هەمووی تەفجیرکا، هەمووی پەرش و بلاو بکا، چونکی خۆی تانیتی بەو نەوعەی خەلقی کا، لۆیێ هەموو سووەرِی قورِئان کە بەحسی مەخلوقات دەکا، خاصەتەن ئاسمان کە بەحسی خەلق دەکا مەجموعە ئایەتەك یەکسەر رِادەوەستی، بەحسی نەسفی تێکدانی ئەو جیهازەی دەکا کە ئەصلەن خەلقی کردبوو.

مەثەلەن: بەحسی عارد دەکا بەحسی ئاسمان دەکا، بەحسی رِۆژ دەکا بەحسی مانگ دەکا باری تەعالا، ئیحساس دروست دەکا لەبۆ موقابیل کە ئەمن خالیقم، ئەمن موهەیمینم، ئەمن موشریفم ئەمن مالیکم، کە تانیم ئەوها بکەم دەشتانم ئەوها تێکی بدەم، نەسفی بکەم پارچە پارچەی بکەم، ئەوجە دێ جوملە جوملە وەریدەگری، قیطعە قیطعە، مەثەلەن بەحسی چیای دەکا: ئەوها خەلقم کردبوو بەونەوعەی دروستم کردبوو، پاشان یەکسەر نەسفی جیبال دەکا، ئاو، ئەو هەموو بیحارِەی دروست کردییە یەکسەر تەفجیری دەکا ئاو(وقس علی ذلك) کورِەی ئەرض هەمووی بەونەوعەی، ئیذەن خۆی مالیکە صولطەی موطلەقی هەیە، وە قووەتی لە سەر هەیە، لە ئەثنای مومارەسە کردنی ئەو حالەتە کە ئینسان دێ دادەنیشی شەو ئیستیجماعی ئەو هەموو کەونەی دەکا لە پێش چاوی خۆی، کە فیعلەن باری تەعالا ئەو رِۆژەی خەلق کرد، (رب المخلوقات) بوو هەمووی.

پاشان لەقطەکیتکە لە سورِەتی مزمل بە تەرتیبی نزول بووە (رَبُّ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ)(المزّمِّل٩) لە سورِەتی فاتیحە بووە (رَبِّ الْعَالَمِينَ)(الفاتحة١) باشە (رَبِّ الْعَالَمِينَ)(الفاتحة١) ئەوها تەرکی کردییە؟ نەخێر، عیلاقە و رِەبط بەینی ئەو هەموو جوملە مەخلوقاتانە وەکی بەحسمان کرد دەرسی پێشترێ، لەسەر مەفهومی موغناطیسییەتی (الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ)(الفاتحة٢)ە، باشە هەر ئەوها تەرکی دەکا و بەونەوعەی بە جێی دێلی، ئەو حەیاتە نابی لەقطەك ببی رِاوەستی، ئەو فلیمە نابی نیهایەتی بێ، بەرێ دەبی نیهایەتی بێ، کەینێ نیهایەتی دێ؟ بەچ حالەتەك نیهایەتی دێ، بە(مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ)(الفاتحة٣) ئیذەن کو خەلقی کردبوو، کو ئیستیجماعی کردبوو، کو بەو نەوعەی تەصویری کردبوو، کو رسمی کردبوو، کو تەلوینی کردبوو، کو هەیمەنەی لەسەربوو، کو رِیادە و ئیدارەی دەکرد، رِۆژەکیش دێ هەمووی سەحب دەکا، ناویشی لێنایە (یوم الدین)، ئائەو رِۆژەی خۆی صاحێیە (مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ)(الفاتحة٣) مەملەکەتی خۆیتی خۆی موطلەقە.

باشه كه ماليكه دەبی فيعلەكيتكەشی هەبی، هەيمەنە بكا لە سەر ئائەو مولكە، ئەويش لە نەفسی كەليمە(مالك) ئەلفەكەی لێ لاببەين دەبتە(ملك) (ملك يوم الدين)، لە ملوكييەتی ئەمڕ دەكا، بە ماليكييەتيش حەقی تەصەڕوفی هەيە، لە طەڕەفەينيش قووەتی هەيە بتانی مومارەسەی ئەو حالەتە بكا، ئيذەن هەم قووەتی ملوكييەتی هەيە ئەمڕ بكا، هەم حەقی ئەوەی هەيە تەصەڕوف بكا بە مولكی خۆی چونكی هەم ماليكە هەم مەليكە.

مەثەلەن: لە وجود مەليكی ئوردن مەليكە، قەرار و حوكمی دەخوا هەتا حدودی ئوردن، ئەمما لەوبەری ئوردن حوكمی ناخوا، ئيذەن مەليكە بەس لە حدودی ئوردن، ئەمما(مالك)ە نەخێر(مالك) نييە، بەس چەند قصوڕ و چەند مەلايين دۆلاڕات و چەند كيلۆ زێڕی هەيە، ماليكی ئەوەندەيە، بەس ماليكی ئەوەندەيە، ئەمما باری تەعالا ماليكی كوڕەی ئەرضە، ماليكی ڕۆژە مانگە هەموو ئەستێرەكانە، مالكی مەشە ئەمەش مولكی وينە، ئيذەن حەقی تەمەلوكی هەيە، هەقی ئيشكردنی هەيە لە ناو ئەو جيهازانە، هەقی ئەوەی هەيە بيمرێنی زيندی كا، نەخۆشی كا فەناشی بكا، ديسان زيندی بكاتەوە ديسان مەحاسەبەی بكا، خۆی ماليكە لە عەين وەقت مەليكيشە، قووەتی هەيە سەيطەڕەی هەيە، با ئەو ذاتە ئيقراڕ نەكا لۆ خوای(جل جلاله) با ئيعتيبار لۆ مولكييەتی خوای دانەنێ ئەگەر ئازايە لە عاردی خوای دەرچی، لە مەملەكەتی خوای با دەرچی ئەگەر ئازايە و غيرەتی هەيە، با لەناو مەخلوقاتی خوای دەرچی، بچتە جێيەك كە مەخلوقی خوای نەبی، ناتانی قاصيرە قەزەمە تافيهە بێ قودرەتە بەرامبەر تەبەننی مەوقيف، ئيذەن باری تەعالا ماعەدای ماليك مەليكيشە، سولطەی دەخوا قەراری موباشيرە.

بێينە سەر قوڕئان، قوڕئان كو ئەو حالەتە دروست دەكا؟، مەڕحەلەی يەكەم دەفەرموی: (لله)، لۆ كەس نييە، (لِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ)(الشورى٤٩) ئەها مەفهومی (رَبِّ الْعَالَمِينَ)(الفاتحة ١)(الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ)(الفاتحة ١) ئەوەش (لِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ)(الشورى٤٩) (ملك) (والله على كل شيء قدير)، ئەو ذاتە شەو هەڵدەستی مومارەسەی حالەتی ئەوەی دەكا، ئەو مانگە!، ئەو ڕۆژە!، ئەو عاردە!، ئەو ذاتە ئەو چاوە ئەو دەستە ئەو گێيە!، ئی خوايە جل جلالە، (لِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ)(المائدة ١٧) خۆی موهەيمنە خۆی موهەنديسە، خۆی ڕەسامە خۆشی موديرە، خۆی قابيليەتی هەيە، كە ئەو گەنجە هە ردەستی شەو ئائەو ڕۆژە ضەخمە ئەو مانگە عەجيبە، ئەو مەخلوقە غەريبە، دەينتەپێش چاوی خۆی مومارەسەی لە سەر وەی دەكا، ئی خۆی نەبوو ئەوە مولكی داكيشی نەبوو، داكيشی ئی خۆی نييە، دەی(وقس على ذلك) هەتا دەگاتە ئادەم، ئيذەن هەمووومان مولكی وينە، ئەو عاردە ئەو

ئاسمانه کێ خەلقی کردییە؟ کێ ئیجادی کردییە؟ ئەوانە مومارەسە دەکا بە ذهنی خۆی، شریتەکی فلیمی موتەکامیل لە مێشکی دروست دەکا.

ئیذەن ئەگەر ئەو هەموو جیهەتانە، ئەو هەموو شتانە خودا خالیقی بی، خالیقی وەشە، ئیذەن حەقی ئیقتیداری هەیە لەسەری، حەقی ئەوەی هەیە ئەمری لە سەر بکا، حەقی ئەوەشی هەیە نەهی بکا، ئەوەی بکە ئەوەی مەکە، ئەوەی بکە لە مەصڵەحەتی خۆتە لە چاکەی خۆتە، ئەوەش مەکە لە مەصلەحەتی تووە، لۆیێ پێت دەڵێ مەکە لە مەصلەحەتتە، ئەمما کە فەرمووی بکە نەی کرد لە گێلاتیتی ئەگەر کردی، مەیکە کردی لە گێلاتیتی، مەکە کردی دیسان لە گێلاتیتی، لە سەطحییەت و سەذاجەتیتی، کەم ذهنییە، مێشکییە.

کە تانی خەلق بکا ئیقتیداریشی هەبوو لە سەری، نەفسی ئسلوب لە جێیەکیتکە دەفەرمی:(لِلّهِ) دیسان(مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا وَإِلَيْهِ الْمَصِيرُ)(المائدة ١٨) باری تەعالا سەعاتی سفری دانایە لەبۆ هەموو مەخلوقات، ئەو مەخلوقاتانە هەمووی دەڕۆن، لەبۆ دیسان سەعاتی سفری کە داینایە موستەمیڕن، سکەکی دانایە ئائەو جیهازە کەونە کوللە لە سەری ماشییە، (وَالسَّمَاء بَنَيْنَاهَا بِأَيْدٍ وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ)(الذاريات ٤٧) پاشان (وَالشَّمْسُ تَجْرِي لِمُسْتَقَرٍّ لَّهَا)(يس ٣٨) مەحەطەکی موعەییەن هەیە موستەقەڕە، (ذَلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ)(يس ٣٨) (وَالشَّمْسُ تَجْرِي)(يس ٣٨) حالەی صفر هەیە، نوقطەی صفر ئینطیلاق وە دیسان صفری نیهائیش هەیە، وەکو دائیرەك دەبی ڕابوەستی، ئەو کەونە دەڕوا هەمووی، :(لِلّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا وَإِلَيْهِ الْمَصِيرُ)(المائدة ١٨) ڕادەوەستی، مەفهومی چییە لە سوڕەتی پێنجەم کە دابەزییە؟ (الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ *مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ)(الفاتحة/٣/٢) چ ڕۆژەکە؟ ڕۆژی کە مەصیر ئیعادە دەبتەوە، باشە حەقی ئەوەی هەیە؟ ئەگەر ئەو سوئالە لە داخیلمان دروست بوو، حەقی ئەوەی هەیە ئەوەی بکا؟ لە جواب دەرێ: بەرێ، ئائەو ڕۆژە (الْمُلْكُ يَوْمَئِذٍ لِّلَّهِ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ)(الحج ٥٦) خۆی موهەیمینە خۆی موشریفە خۆی مودیرە، خۆی فاعیلە ئەو بەشەریەتە هەمووی لە یەك ئاقاری لە یەك مەنطیقەی جوغرافی ڕاوەستاینە، ئەو ڕۆژی لە بەر وەی هەمووی مولکیتی، ئیذەن قووەتی دایتە خۆی بتانی فەصل بکا لە بەینیان، چونکی خۆی صاحێبە چ ڕۆژەکە خۆی لە بەعضە مەقاطع، مەناطق دەپرسی ئەو ڕۆژەی کە هەمووی ئینتها بە هەموو حەلاقاتی حەیات و حەیەوییەت و بەشەرییەت هاتییە، کەون هەمووی لە حەلەقەك موفریغ ڕاوەستایە، خۆی سوئال دەکا(لِّمَنِ الْمُلْكُ الْيَوْمَ لِلَّهِ الْوَاحِدِ الْقَهَّارِ)(غافر ١٦) خۆی جواب دەداتەوە: (لِلَّهِ الْوَاحِدِ الْقَهَّارِ)(غافر ١٦) ئیذەن(لِلّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ)(المائدة ١٨) کە ئەمەش لە سەر ئەرضین ئەمەش مولکی خواینە، مولکییەتیشی قابلی تەصەڕوف و ئیقتیداری ئەوەی هەیە، خۆی هەیمەنە و ئیشراف بکا لە سەری.

ئیذەن قووەتی ئەوەشی هەیە یاخود حەقی ئەوەشی هەیە مەنهەجی لەبۆ دابنێ، ئیذەن حەقی ئەوەشی هەیە ئیتیباعی ئەو مەنهەجەشی بکرێ، حەقی ئەوەشی هەیە جەزا بدا بە چاکە لەسەر موتتەبعی مەنهەج، موحاسەبەش بکا بە قەساوەت بە قەهارییەت لە سەر ئەو فیئەیەی کە لە مەنهەجی لادەدەن، ئەوە مەفهومی کەلیمەی مالیکە وە (ملك)ە، وە چۆنییەتی مومارەسە کردنیشی بە شەو، لە ئەثنای قیام اللیل، لۆوەی فیعلەن ئائەو حالەتە بینائییە داخلییە، کە مەطلوبە وفقی ئیرادەی خوای وفقی هەندەسەی خەریتەی خوای جل جلالە، لێی طلەب کردینە دروست بکەین لە داخیل، لە ئەثنای شەو هەستان بەو نەوعە تەفکیرە ئەو حالەتە لە ناو داخیل دروست دەبی، ئەو صەمیمییەتە ئەو پەیوەستە تەواوە، جذوری هەیە لە عومق لەگە باری تەعالا موباشەرەتەن دروست دەبی.

ئەو ذاتە فیعلەن کە دێ لە ناو نوێژێ بەرامبەر باری تەعالا لە ئەثنای لیقا و ئیجتماع قسەی لەگەر دەکا، بە هەموو قەناعەتەك ئیحساس دەکا ئائەو خالیقەیە کە رەبیتی (رَبِّ الْعَالَمِينَ * الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ *مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ)(الفاتحة٣/٢/١)، لە عەینی وەقتیش (مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ)(الفاتحة٣) لۆ چ؟ لۆوەی حالەتی صەحیح دروست ببی، (إِيَّاكَ نَعْبُدُ وإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ)(الفاتحة ٤) (نَعْبُدُ) هەتا ئەو سێ حالەتە بەو تەرتیبەی دروست نەبی، (إِيَّاكَ نَعْبُدُ)(الفاتحة ٤) بە حەقیقەتی خۆی نایەتەجێ، (وإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ)(الفاتحة ٤) دیسان بە حەقیقەتی خۆی نایەتەجێ ئیللا نسبەتەك فەراغەك بەجێ دەهێلی لەبۆ عیبادەتی غەیری خوای جل جلالە، کەینێ ئەو مومارەسەیەش کرا، کو لەگەر کابرای عەرەب قسان دەکەی، مەثەلەن: کە لێی دەپرسی صیحەتت کووە؟، دەرێی: کیف صحتك، بەینی تو و بەینی وی مەترەك بی، کیف أحوالك، هەتا(رَبِّ الْعَالَمِينَ)(الفاتحة١) بەو نەوعەی کە بەحسمان کردییە مومارەسە نەکرێ، حەتتا (الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ)(الفاتحة٢) لە دەرسی پێشترێ بەحسمان کرد مومارەسە نەکرێ (مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ)(الفاتحة٣) دروست نابی، (إِيَّاكَ نَعْبُدُ)(الفاتحة ٤) وەکو کاف کافی موخاطەبەی کابرای عەرەب، کە پێی دەرێی: کیف صحتك، لەگەر (رَبِّ الْعَالَمِينَ)(الفاتحة١) یش ئەو حالەتە دروست نابی، ئەمن پێی برێم: (إِيَّاكَ إِيَّاكَ)، کو کابرای موخاطەب، (نَعْبُدُ وإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ)(الفاتحة ٤) ئەویش هەتا ئەو حالەتە لە من دروست نەبی، ئەویش ئەو ئیستعدادەی نییە برێ: أعطيتك (الصِّرَاطَ المُستَقِيمَ* صِرَاطَ الَّذِينَ أَنعَمتَ عَلَيهِمْ غَيرِ المَغضُوبِ عَلَيهِمْ وَلاَ الضَّالِّينَ)(الفاتحة٦/٥) آمين، ئەویش ئەو ئیستیعدادەی نابی، ئەمن وەدەکەم باری تەعالا جوابی من بدا، بەرێ، هەموو قورئان ئەوە خەریتەیتی، فاعیلییەت لە منە قودرەت دروست کردن لە منە، ئەمن وەدەکەم، باری تەعالا تەعامولی لەگەر من بەو نەوعەی بی.

(فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا * قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا * وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّاهَا(الشمس ١٠/٩/٨) (قَدْ أَفْلَحَ مَن تَزَكَّى(الأعلى ١٤) وەکو بەحسمان کردییە قانونی تەزکییە لە داخیل نمو کردن، (وَذَكَرَ اسْمَ رَبِّهِ فَصَلَّى)(الأعلى ١٥) خودا لەبۆ خاتری گەورەیی ناوەکانی خۆی، ان شاءالله، هەرچی وەسائیل و ئەسباب هەیە لەبۆ ئیمانی حەق و ناسینی حەقی وی بە نسیبمان بکا، دەستمان بگری تەڕشیدمان بکا، هیدایەتمان کامیل بکا(أقول قولي هذا واسغفرالله لي ولكم، سبحان ربك رب العزة عمايصفون وسلام على المرسلين والحمدلله رب العالمين).

سوئال ئیستیفسارِ تەوضیح تەعلیق تەنویر نەصیحەت تەوصیە، لە دەستە ڕاستەوە دەست پێ دەکەین، ئەو برایە دەپرسی: عیلاقەی بەینی ئیسم و فیعلی (الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ)(الفاتحة٢) لەگەر (مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ)(الفاتحة ٣) وەبزانم جەنابت حەفتەی پێشترێ غایب بووی مەثەلەن: تەیر کەس نییە فێری بکا، فەرخەی خۆی ئەوها بەخێو بکا، موغناطیسییەتەك نەوعی بەینی داکەکەی و فەرخەکەی هەیە، ئەو وەدەکا ئەو تەیرە ئیستیعدادی هەبی هەرچی ئەزیەت هەیە تەیرەکە تەحەممولی بکا، لە ئەثنای، وەکی شەمشەمەکۆرەی کە فەرخەی دەبی، یاخود هێلکەی دەبی وەکی تەیرەکانیتکە، هەر حەیوانەکی دیکە هەتتا دێینە سەر ئینسانیش، طەبعەن کەلیمەی ئینسان بە مەفهومی خۆمان کە ئەحەطی مستەوایە، ئینسانیش مەثەلەن: کابرای غێر موسولمان ئیمانی بە خواو پێغەمبەری نییە، ئەو مەفهومە مەرحەمەتییە کە ئەمە هەمانە لە داخیلی خۆمان ئەو نیتی، ئەمما لەگەر وەش کە منداری دەبی یەکسەر بەبێ ئەوەی لە مەعهەدەك تەخەڕوجی کردبی تەعلیم کرابی، هەر لە هیکڕا مندارەکەی لە باوەشێ دەگری دایکەکە و دەست دەکا بە ریعایەت و بەخێوکردنی، ئەو حالەتە هەمووی بەینی هەموو مەخلوقات ئەو حالەتە ناومانا ئەو موغناطیسییەتە ئەو ئیرتباطە ناومان نا رەحم، (ولله المثل الأعلى) باری تەعالاش بە نەفسی حالەت تەعامول دەکا لەگەل هەموو مەخلوقاتی خۆی.

لۆییێش قەناعەتتان هەبی کە مەخلوق وە خاصەتەن ئینسان کە گوناە دەکا، یەکسەر باری تەعالا لێی نادا، وەکی برادەر لەگەر برادەری نییە، جیران لەگەر جیرانی، هەر کە غەرەتی لێ دیت بیداتە بەر بۆکسان، هەر ئەو قەناعەتەیە ئەو مەفهومە ڕەحمەیە، لەلای باری تەعالاوە مەوجودە، بەو قەناعەتەتش باری تەعالا عەمودییەن لەبۆ مەی دابەزاندییە، ئەمە ئوفوقییەن لە بەینی خۆمان مەخلوقات تەعامولی پێ دەکەین، الی قیام الساعه، ئەوە مەوجودە ئەو حالەتە، هەتا ڕۆژی ئەخیری تەیر لەگەر فەرخەی خۆی ئاوا تەعامول دەکا، پشیلە لەگەر فەرخەی خۆی ئەوها تەعامول دەکا، هەموو مەخلوقات هەمووی کۆمپلیت، بەشەریش ئینسان مەقصەدم کە ئەحەطی مستەوایە، لەگەر فەرخەی خۆی ئەوها تەعامول دەکا، ئەوە هەتا يوم الدين.

ئەدی پاشی(یوم الدین) چ دەکا؟ خۆی هەمووی سەحب دەکا ئەو وەختی ڕەحم و عەطف و شەفەقە و ئەوانە، هیچیێك نامینێ، لۆێ دەفەرمی: (يَوْمَ يَفِرُّ الْمَرْءُ مِنْ أَخِيهِ *وَأُمِّهِ وَأَبِيهِ *وَصَاحِبَتِهِ)(عبس ٣٤/٣٥/٣٦) مەنطوق الآیة، (لِكُلِّ امْرِئٍ مِّنْهُمْ يَوْمَئِذٍ شَأْنٌ يُغْنِيهِ)(عبس ٣٧) نامینێ عەطف و شەفەقە و ئەوانە نامینێ، چونکی(رب العالمین) سەحبی دەکا ئەو وەختی، هەتا ڕۆژی قیامەت هەتا(یوم الدین) ئەوە مەوجودە ئەو حالەتە، عەمودی لەوییەوە دادەبەزی لە سەر هەموو مەخلوقات ئەو موغناطیسییەتە، ئەمەش وفقی فیطرەی خۆمان تەعامولی پێ دەکەین، پێکەوە مەربوطین.

مەثەلەن: باب کو ئەو هەموو ماندیبوونە تەحەممول دەکا لەبۆ ئەو مندارەی؟ لەبۆ ئەو عائیلەیەی، لەبۆ کچەکەی لەبۆ کوڕەکەی لەبۆ ژنی، واضحە؟ ئەو خۆشیە و ئەو لەذەتەی کە لەو عائیلەی وەردەگری، نسبەتەن ئەگەر موقایەسەی بکرێ زۆر زۆر کەمترە لەو ئەزیەتەو موعاناتەی کە ئەو پیاوە دەی چێژی لە دەرێ، وایە یان نا؟ چی وەی لێ دەکا؟ حەتمەن دیارە شتەك فەوقی ئیرادەی وییە، ئەویش مەرحەمەتەکەیە، باشە هەتا یوم الدین ئەوە بوو پاشی یوم الدین کێ ئیستیلامی دەکا؟ هەمووی لە بەینی مەخلوقاتەکان سەحبی دەکا و خۆی دەبتە صاحێبی، لەبەر ئەوەی مەخلوقاتەکان خۆی جیهازی خۆینە، واضحە؟.

مەثەلەن: بیلا تشبیهـ برێین: شەریکەی سایکۆ سەعات دروست دەکا، سەعاتەکەشی دانایە هەتا سەد ساری ئیش بکا، پاشی سەد ساری سەعاتەکان ئێکسپایەر دەبن، لۆوەی صومعەی نەشکێ، مەعمەلی سایکۆ طەلەب دەکا لە هەموو قاڕە کورەی ئەرز، بابە کێ سەعاتی سایکۆی ئەو مۆدیلەی هەیە، وەختی خۆی بەچەندی کڕیبی هەمووی صەحب کاتەوە پارەی خۆی دەداتێ، لۆوەی سومعەی خۆی بمینێ، واضحە؟ و لله مثل الأعلی، نەفسی حالەتە باری تەعالا ئەو هەموو جیهازانە هەمووی بە ئیش هێخستییە، هەمووی دەوری خۆیان ئەدا کردییە، (إن شاء) و(أو)(أبو).

مەثەلەن: کابرای سویدی ئیمانی بەخوا و پێغەمبەری نییە، ئەمما مەجبورە منداری خۆی بەخێوبکا، چونکی فیطرەتەن لە ناو داخیلی دایە ئەوها مەخلوقە پێوەی هەتا یوم الدین، یوم الدین ئەوانە هەمووی سەحب دەکاتەوە، لۆ؟ لۆ سەحبیشی دەکا؟ لۆوەی ئائەو کەممەی کە داینابوو لە ناو مەخلوقات، خۆی تەصەڕوفی پێ بکا دیسان، واضحە؟ ئەوە عیلاقە صەمیمیەکەیە بەینی (رحمن و الرحیم)، (ملك یوم الدین)، یاخود (مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ)(الفاتحة ٣).

بەرێ. سوئالی دی، جە یید ئەو برایە زۆر جار کەلیمەی مومارەسەمان تیکرار کردییە، یان تەمرین کردن ئەها بەحسی ریاضیمان کرد، دەبی کابرای ریاضی ئەمەش تاقەمان پێیە ئاسنی هەگرین، ئەمما ئەمن بیست و پێنج کیلۆم پێ هەرناگیرێ ئێستا، لۆ کابرا دوو سەد کیلۆی پێ

هەردەگیرێ؟ چونکی ئەمن مومارەسەم نەکردییە، ئەو مومارەسەی کردییە، نەفسی طاقەتی وی لە کنە منیش هەیە، ئەمما ئەمن کە مومارەسەم نەکردییە تەمرینم نەکردییە، ئەمن ئەوها پوك بوویمە، ئەویش ئەوها ضەخمە و عەضەلاتی هەیە.

لە مەفهومی کەلیمەی مومارەسە، پێشی وی جەنابت نازانم مەوجودبووی یان نا؟ بە صیغەی تەرتیبی نزولی قورئان ئەمە موتابەعەی قورئانمان کردییە، تەقریبەن شازدە موحاضەڕە بەحسی ئیعادەی یان زیندوو کردنەوی ئیمانمان کردییە، یەکەمین مادده قیرائە بووە، قیرائەمان بە تەفصیلی بەحس کردییە، بوعدەك مەفهومەك لە مەفهومی قیرائە هەشت مەعنای هەیە، (اقرأ) لە قورئان هەشت مەعنای هەیە، مەثەلەن: موتابەعە، مەثەلەن: تەمەشاکردن، تەئەمول کە گۆتت جوزئەکە تێیدا، نەظەر، تەفەککور، تەعەقول، تە دە ببور، موتابەعە کردن، واضحە؟.

ئەوانە هەموو گۆتمان ئەو مەعانیانە، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) ئەمری پێکرابوو بە شەو هەستی، پێشی ئەوەی نوێژ و ڕۆژی و حەج و زەکات و قیتالی لەسەر فەرض بکرێ، (قُمِ اللَّيْلَ إِلَّا قَلِيلاً(المزّمِّل ٢) سالەك و قسور بەو قیامەی هەستا و مومارەسەی ئەو حالەتەی کرد، ئیذەن (إقرأ) بە مەفهومی ئەو هەشت مەعنایە شەو کە هەستایە ساڵەکی کامیل ئەو حالەتەی کردییە، (اقرأ)ی کردییە، واضحە؟ (اقرأ)ئەکە چ بووە؟ مەثەلەن: لە سورەتی (وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا)(الشمس ١) دێتە خوارێ هەر پێغەمبەر و ئەبوبەکرن، عومری چل سالە پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) ئەقەلەن بلێین: پازدەکەی لێ لادە، مندال و فتوەو شەباب موڕاهەقە، عیلاقەی بە شەمس نەبووە نەی زانییە، ئەمما خۆ بیست و پێنج سالەکەیدی خۆ شەمسی دیتییە ڕۆژی دیتییە، کە ڕۆژی دیتییە، لە بەر ئەوەی لە پێش چاوی پێغەمبەر با پێغەمبەری لادەین، ئەبوبەکر و جوملەی صەحابەی کیرام، نەوعە ضەبابییەتەك هەبووە بیئە و وەسەط و موجتەمەع و بەشەر و ئەهلی کیتاب و جوملەك شت شەیاطینی ئینس و جن عەینەکی ضەبابیان لە پێش چاوی دروست کردییە، کە تەمەشای ڕۆژی کردییە بە چاوی مەخلوق تەمەشای نەکردییە، ئیذەن جوملەی صەحابەی کیرام هەتا پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) موحتاجی ئەوەی بووە، شەو سالەکی کامیل بە چار تەرتیب، (قُمِ اللَّيْلَ إِلَّا قَلِيلاً)(المزّمِّل ٢) هەموو شەو هەستە ئیلا کەمەکی نەبی، (إِلَّا قَلِيلاً * نِصْفَهُ)(المزّمِّل ٣/٢) نیوەی(أَوِ انقُصْ مِنْهُ قَلِيلاً)(المزّمِّل ٣) قیچەك لەویش کە م کە، (أَوْ زِدْ عَلَيْهِ)(المزّمِّل ٤) زیادی کەوە، (وَرَتِّلِ الْقُرْآنَ تَرْتِيلاً)(المزّمِّل ٤) ئەگەر جەنابت مەوجود بای گوتمان کەلیمەی تەرتیلیش بە موتابەعە هاتییە، ئەو خیندنە تەرتیل نییە ئەوەی کە گێمان لێ دەبی لە تەلەفزیۆن و لە ئیذاعات، کەلیمەی تەرتیل لە

سەر کەلیمەك یەك مانگ ڕاوەستی یەك کەلیمە ئەوە تەرتیلە، هەتا دەگەیە عومقی، واضحە برای من؟.

ئیذەن کە ئەو هەموو ئایاتە کەونیانە پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) دیتیتی، جەلبی نەظەری کردییە لەناو قوڕئان، مەثەلەن: (أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى الْإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ)(الغاشية ١٧) حەیاتیان هەمووی لەگەل ئیبل بووە، ئیبل یەعنی حوشتر، ئیعادەی نەظەری لەبۆ دەکا، (أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى الْإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ *وَإِلَى السَّمَاء كَيْفَ رُفِعَتْ)(الغاشية ١٧/١٨)،(وَإِلَى الْأَرْضِ كَيْفَ)(الغاشية ٢٠)(وَإِلَى الْجِبَالِ كَيْفَ)(الغاشية ١٩)(فَلْيَنظُرِ الْإِنسَانُ إِلَى طَعَامِهِ)(عبس ٢٤) واضحە؟ (أَفَرَأَيْتُمُ الْمَاء الَّذِي تَشْرَبُونَ)(الواقعة ٦٨)بەحسی ئاو بەحسی طەعام (أَأَنتُمْ تَزْرَعُونَهُ أَمْ نَحْنُ الزَّارِعُونَ)(الواقعة ٦٤) خودا زاریعە خودا ئاوی دینتە خوارێ ئەو ئاوەی کە، ئەوە هەمووی لەبۆ جەلبی ئەو جوملە مەعانیانەی کە لە مەفهومی کەلیمەی قیرائە هەیە.

باشە کە ئەوانەی هەموو کرد بە ڕۆژ، بەشەو چ دەکا؟ هەردەستی ئەو فلیمەی کە گرتیتی هەمووی ئیعادە دەکاتەوە، هەمووی ئیعادە دەکاتەوە لەبەر ئەوەی ذهنی خاوێنە، لۆیێ مەثەلەن: ئەوەی صەفی شەش بووبی یان ئێستا صەفی شەشە، عولەمای نەفس پێی دەرێن بنوو هەتا زوو هەستیەوە، ئەوەی تەجروبەی کردبی نازانم صەفی شەشەك لێرە هە بوو تەجروبەی ئەو حالەتەی کردبی، شەوێ زوو بنووی لۆوەی سبەینێ لەو سەری زوو هەستتەوە پێش مەلا بانگدانێ، لۆ؟ کە هەردەستەوە مێشکی صافە، ئەفلامی تەلەفزیۆن و مەشاکیل و پاپە پیپی سەیارە، و ضەبابییەت و ضەوضاء، و هۆسە و خەم و خەفەت و مەشاکیل، و ئەخبار و ئەوانە هیچێك لە مێشکی نییە، وەکی هەردەستەوە سبەینان سبەینێ زوو پێشی مەلا بانگدانێ مێشکی صاف خاوێن، باشە چ دەکا ئەو وەختی ئەو ذاتە؟ یەکسەر دەست دەکا بە قیرائە کردن، قیرائەکردن ئیعادەی فلیمی ئەو هەموو تەصویرەیە، (أَفَلَا يَنظُرُونَ)(الغاشية ١٧)، (أَفَلاَ يَتَدَبَّرُونَ)(النساء ٨٢)، (أَفَلاَ تَتَفَكَّرُونَ)(الأنعام ٥٠)، (أَفَلَا يَعْقِلُونَ)(يس ٦٨)، ئەوانەی هەمووی ئیعادە دەکاتەوە، کە مومارەسەی کرد ذهنییەن نەوعە حالەتەك لە ناو داخیلی دروست دەبی، ئیحساسەك دروست دەبی، نازانم کەس هەیە ئەوەی کردبی؟ جەنابت، هی تکە ئائا جەنابت بەرێ، ئیحساس بەچ دەکەی کاك فلان؟ عەفوەن ئەوبرایە: قیرائەت کردییە جەنابت؟ ئیحساست بەچ کردییە؟ (وەڵام)...... ئەها... ئێستا تەغییرەك هەیە لە داخیل، نەوعە شعورەك دروست دەبی نەوعە ئیحساسەك دروست دەبی، ئەتوش موتەفیقی لە گەری؟ چاکە، فە ئەو حالەتە جەنابیشت ان شاءالله کتجروبة ماخصران شي، وەنییە؟ شەو هەستە نیوسەعاتەك مەثەلەن سەعاتەك، جید ان شاءالله خوا لێتی قبول کا.

طەبعەن هەستانی شەو لەگەل شەو نوێژمان نییە ها، ئەوە لە مەدینەی هاتتە خوارێ، (و من الليل فتهجد به نافلة لك عسى أن يبحثك ربك مقاما محمودا)، ئەوە لە مەدینەی هاتتە خوارێ، حەتتا حەدیسی بوخاری و مسلم لەسەر ویە، نەك (قُمِ اللَّيْلَ إِلَّا قَلِيلاً)(المزّمّل ٢) لەبۆ شەو نوێژێ هاتبتە خوارێ، جارێ کە سورەتی مزمل هاتتە خوارێ، ساڵەك و هەشت مانگ ئەوجە نوێژی لە سەر فەرض کرا، سورەتی مزمل هاتە خوارێ پاشی ساڵەك و قصور ئەوجە نوێژی لە سەر فەرض کرا، ئەگەر نوێژی لە سەر فەرض نەکرابی کو شەو نوێژی کردییە جەماعەت؟ عەقلەن، وایە یان نا؟ ئیذەن(قيام الليل) غەیری شەو نوێژە، شەو نوێژ لە قورئان ناوی هاتییە، (وَمِنَ اللَّيْلِ فَتَهَجَّدْ بِهِ نَافِلَةً لَّكَ عَسَى أَن يَبْعَثَكَ رَبُّكَ مَقَاماً مَّحْمُوداً)(الإسراء ٧٩).

ئیذەن ئەو کابرا ذاتە هەڵدەستی، بە تەصەوری من حەتتا ئیحتیاجی بە دەست نوێژیش نییە، هەر لە جێی خۆی مەڤەلەن: ئێستا هاوینە لەسەربانێ پاری دایتەوە، بەس سەعاتی قەلبی خۆی تەکویك کا، طەلەب بکا لە باری تەعالا، شەوێ پێش مەلا بانگ دانێ بە نیو سەعات بە سەعاتەك هەری بستێنی، مەلائیکەتەکی موشەخەص هەیە خاص ئیشی ئەوەیە، ئەو ذاتە بە ئاگا دەینی کە بەئاگای هینا هەر لە جێی خۆی پاری دایتەوە لە سەر بالیفیە سەری، تەمەشای ئەو ئاسمانە دەکا، (والله)ی غەریبە ئەو هەموو ئەستێرەیە چییە لەو ئاسمانەی؟! باشە لۆ مەخلوقن ئەو هەموو ئەستێرەیە وەنییە؟ کە تەماشا دەکا: (رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَذا بَاطِلاً سُبْحَانَكَ)(آل عمران ١٩١)، (رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَذا بَاطِلاً سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ)(آل عمران ١٩١) عیلاقەك بەیینی ئائەو نەجمە بەینی ئائەو دار پرتەقارەی لە ماریان هەیە، عیلاقەك نەوعی هەیە، (وَالنَّجْمُ وَالشَّجَرُ يَسْجُدَانِ* وَالسَّمَاء رَفَعَهَا وَوَضَعَ الْمِيزَانَ)(الرحمن ٧/٦)، ئائەو نەجمە سەجدە دەبا لۆ خوای، با ئەمنیش سەجدە ببەم لۆ خوای، سەجدە بردنیش لۆ خوای بەس ئەو حالەتە نییە کە مەوجودە، سەجدە دەبی ئەصلەن لە داخیل ببردرێ لۆ خوای، ئەوجە پاشان سەجدە بە ظاهیر و بە دەست و بە نێوچەوان و بە لاق سەجدە لۆ خوای دەبردرێ.

فە ئەگەر هاتوو مومارەسەی ئەو حالەتەی کرا وەکو طەلەب دەکەم لە جەنابت، هەر لەبۆ تەجروبە بیکە ئیستفادە بکەی ئیحتماله طەبعەن، ئەو وەختی(ان شاءالله) ئەحاسیست لەبۆ دروست دەبی، فیعلەن دیارە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) لە ذائیذی نەوعی وەرگرتییە لەو (قيام الليل)ە، دیارە جوملەی صەحابەی کیرام هەر لە نیهایەتی سورەتی مزمل ئایەتی بیست رب العالمین دەفەرمێ: (إِنَّ رَبَّكَ يَعْلَمُ أَنَّكَ تَقُومُ أَدْنَى مِن ثُلُثَيِ اللَّيْلِ وَنِصْفَهُ وَثُلُثَهُ وَطَائِفَةٌ مِّنَ الَّذِينَ مَعَكَ)(المزّمّل ٢٠)، (وَطَائِفَةٌ مِّنَ الَّذِينَ مَعَكَ)(المزّمّل ٢٠)، عیلمەن لە سەریشیان فەرض نەکرابوو شەوان هەستن، دیارە فیعلەن شەو هەستان لەزەتی خۆی هەیە، وە قەناعەتیشت هەبی

شەو هەستان مەدرەسەی پیاوانە، (إِنَّ نَاشِئَةَ اللَّيْلِ هِيَ أَشَدُّ وَطْءاً وَأَقْوَمُ قِيلاً)(المزّمّل ٦) پاشان دەفەرمی: (إِنَّ لَكَ فِي اَلنَّهَارِ سَبْحاً طَوِيلاً)(المزّمّل ٧) ئەها بەحسی شەو کو دەکا، ناشیئە ئەمەش ناشیئەینە، ئەمە فتوەینە گەنجین شەبابین زۆر ئیحتیاجمان بەوەی هەیە، لۆوەی فیعلەن ئەو ئیمانە ئەو عیلاقە نەوعییە لەگە ذاتی(رب العالمین) کە دروست دەبی، عەن طەریقی ئەسماء و ئەفعالی تەنشیئە ببی وەطء ببی، (إِنَّ نَاشِئَةَ اللَّيْلِ هِيَ أَشَدُّ وَطْءاً)(المزّمّل ٦)عەن طەریقی تەجروبە.

کەلیمەی (وطء) لە لیسان لەبۆ ئەو عاردەی ئیستیعمال کرایە، حاشاکی مەقام قوڕاو بی ئەمما قیچەك پەیت بی، پەیتییەکەی زیاد دەبی ئەگەر هاتوو خەرك بە سەریدا بڕوا زۆر، جێیەك برێین: بەینی ساحە ساحەی تێمسات جێیەك منطەقەك قوڕ بی، بە ئاوی بارانی سەبر سەبر خە کەکی زۆر بە سەریدا بڕوا، ئەها سەری پەیت دەبی، بنی مایە نەرمە وەکی لاقت لە سەری دادەنێی وەکی ئیسفەنجی دەچتە ژۆرێ، ئەو لاق لەسەر دانانە کەلیمەی وەطء لەسەر لاقی هاتییە، ئەو لاق لە سەر دانانە ئەوها ئائەو قوڕەی هەمووی دەپەستی، لۆیێ تەماشای ڕۆلەش بکە، ڕۆلەی جادەی پان دەکا، سەبر سەبر بە سەر عاردەکەی دادەڕوا، عاردەکەش ئەوەل جار تەڕ دەکەن، هیشکە تەڕی دەکەن، ئەو جە پاشان ڕۆلە هەها ڕۆلەی جادەی دروست دەکا، جادەی قیڕدەکەن، ئائەوە وەطئە، (إِنَّ نَاشِئَةَ اللَّيْلِ هِيَ أَشَدُّ وَطْءاً وَأَقْوَمُ قِيلاً)(المزّمّل ٦) هەتا ئەوە دروست نەبی، (إِنَّ لَكَ فِي اَلنَّهَارِ سَبْحاً طَوِيلاً)(المزّمّل ٧)دروست نابی، ئەوە لە هەندەسییەتی قوڕئان.

(پرسیار): (٤٦:٣٢) بەڵێ ئەگەر خاصبی بابمینێ ئیضافەی کە لەسەر ئەوانی تر، بەڵێ عەفوەن، بەڵێ پاشان پێغەمبەرم ئیزاحە کرد ها، پێغەمبەرم ئیزاحە کرد(صلى الله عليه وسلم) (٤٦:٥١) عیلاقەك نەوعی هەبووە لە هی پێغەمبەری(صلى الله عليه وسلم) بەێ ئەمنیش لە سەر ئەو ڕەئیەیمە بارك الله فيك.

بەڵێ سوئالی دی(پرسیار): گێم لێ نییە؟، بەرێ،نە سخ، نە سخ، الناسخ والمنسوخ، بەحسی وی بکەم، بەرێ مەجالی وی نییە(ان شاءالله) ئەگەر ڕۆژەك جەنابت خۆت بێیە لای مەکتەبەی بە خصوصی لۆت بەحس دەکەم، بەرێ.

(پرسیار): ماموستا ئەگەر قیرائەی ئیسمەکی خوامان کرد، کو بزانین قیرائەکە تەواوبووە؟ ئەو ذاتە کە مومارەسەی ئەو حالەتەی دەکا نەوعە مەشاعیرێك هەیە لە داخیل ئیحساسی پێ دەکا، مەثەلەن: (ودود) یان (بر) کە یەك جار هاتییە، ئەو شعورە دروست دەبی لەکنی خۆی داخیلییەن ئیحساسی پێ دەکا، کە مەثەلەن: (غفور)ە لە عەینی وەقت (ودود)یشە، غەیری کەلیمەی (غفور الرحیم)ە (غفور ودود)، غەیری (غفور الرحیم)ە، ئەو غوفرانەی کە دەیکا لەو تەقصیرەی، نەوعە مەحەببەتەکیشی هەیە باری تەعالا، ذات لە ناو داخیلی خۆی، پاشی ئیحساس بەو تەقصیرە

نەوعییە بەرامبەر ئەعمالی صالیحە، کەدێ غوفڕان دەکا ئیستغفاڕ دەکا، فەترەك نەوعی ئیحساس بەوەی دەکا کە فیعلەن موقەصیرە، ئەو فەڕاغە نەوعییە لە تەقصیری ئەدائی مەفروض ئیفعەل ئیحساسی پێ دەکا، ئەمما کە ئەو حالەتە نەما غوفڕانەکەی موستەمیرە، کە تەقصیرەکە لە بوعدی تەقصیری مەطلوب ئیفعەل لەو مستەوایەی نەما گەیشتە مستەوایەك کأنە لەبۆ مستەوای فەوق دەڕوا، لەبۆ شوبهـ کەمال دەڕوا، ئیحساس بە(ودود)ی خوای دەکا جل جلالە، نەوعە ئیستیقڕاڕەکی نەوعییە لە داخیل، خوا بەنسیبت بکا(ان شاءالله) بەلی، السلام علیکم ورحمت الله وبرکاتە.